# هاتم بە پیر زامەکانتەوە

ڕووناک شوانی



دەمەو بەیانی ڕۆژی 7/18 بوو کە گەیشتمەوە کەرکووک ، برینی شارم هێشتا خوێنی لێ دەچۆڕا ، ئاسمانە تۆزاویەکەی ماتتر لە جاران فرمێسکی خوینینی دەڕشت ، هەر لە ڕەحیم ئاواوە هەتا ئازادی و ئیسکان و شۆریجە هەموو سەرە کۆلانیک لافیتەی ڕەشی هەڵگرتبوو ، پرسەی بێکەسی و بیخەمخۆرییان ڕاگەیاندبوو . لافیتەکان زیاتر لە ناوی شەهیدێکیان لەسەر نووسرابوو . ناهیدە ، هاوڕێی ڕۆژگاری خویندنم ، کاک مستەفا هاوڕێ و برای ئازیزی دوورە وڵاتم ، ئەسعەد عەلی کرێکاری هەژاری ئاوارەی چەند ساڵەی ڕومادی ، خاوەنی حەوت منداڵ کە لە شارەکەی باو و باپیرانیشیدا لەبەر هەژاری لە کەلاوەکەی قوتابخانەی مسەڵلادا دەژیا ، شێرکۆی تەمەن سێزدە ساڵە ، باخەوانەکەی باخچەی فولکەی خەیام ، مستەفا یاسینی ئاوارە هەژارەکەی قوتابخانەی بەمۆ ... ئەی شەهیدەکانی هاوشاریم کامتان بەیاد کەم ؟؟ کامتان بلاوێنمەوە ؟؟ خۆ من ئۆقرەی ئاوەدان نەکردنەوە و تاڵانکردنی کەرکووکم بوو .. کەچی هەموو ڕۆژێ بە بەرچاو دنیا و پەرلەمانی هەریمی کوردستانی ئازادەوە کەرکووکی جینۆساید و شارەکەیش وێرانتر دەکرێت . بە داخەوە ڕاگەیاندنی کوردی خەمساردانە پێشوازی لەو زامە قووڵەی کەرکووک کرد ، لەو هەموو کەناڵە ئاسمانییە یەکێکیان لە خۆیان نەگرت قردێلەیەکی ڕەش لە سووچێکی شاشەکەیان بدەن !! یەکەم ڕۆژی کارەساتەکە بە چەند سانییە لە هەواڵی پاش پێشوازی سەرۆکەکان ، باسی جینۆسایدی کەرکووکیان کرا ، کەناڵی جەزیرەی عەرەبی بە دوور و درێژتر لەو کارەساتە دوا . چەند ڕۆژی پاشتر ئاهەنگی سەر جادەکانی هەولێر و سلێمانی بە بۆنەی بردنەوەی تیپی فوتبۆڵی عێراقی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە تیڤییەکانی کوردستانەوە گوێزرانەوە ، ئاڵای عێراقی بەعس و ئەنفال بە دەستی کوردستانییانەوە دەشەکایەوە ، خۆ هێشتا نە کەرکووک فرمێسکی وشکەوە بوو بوو نە هەنسکی منداڵان هێور و نە زامی بریندارەکان چارەسەر کرابوون . من تێناگەم ئایا ئیمەی کورد خۆمان لە ئاست کارەساتەکانمان خەمساردین ، یان کەرکووک بە تەنها لە سەنگەردا ماوەتەوە ؟؟ ئایا نەگەڕانەوە بۆ باوەشی مەرگی حەتمی خیانەتە یان سازش لە سەر کەرکووک و چارەنووسی ؟؟ بۆ ئەبی جەماوەری خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی خەڵکی کەرکووک نەزانن لە پشت پەردەوە چی ئەگوزەرێ و چارەنووسیان بەرەو کوی ئەڕوا ؟؟ ئەی ئەم هەموو سارد و سڕییە چی لێکدانەوەیەکی هەیە ؟؟ کێ دەتوانێت ئەم کارەساتە ڕاگرێت ؟؟ ئایا بەردەوامی باری ناجێگیری کەرکووک لە قازانجی کێدایە ؟؟ ئەم پرسیارانە و هەزاران پرسیاری دیکە ڕۆژانە لە ڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە ئینتەرنیتیەکانەوە ڕوو بە ڕووی بەرپرسانی کوردستانی و عێراقی دەکرێنەوە ، کام لەم کەناڵانەی ڕاگەیاندن هەیە ڕۆژانە و هەفتانە ئەم پرسیارانەی لە خۆ نەگرتبێت ، کەچی تاکو ئێستا هیچ وەڵامێکی تێر و تەسەل وەرنەگیراوەتەوە کە جەماوەری خەڵکی کوردستان دڵنیا بکاتەوە لە داهاتووی خۆیان و ماڵ و منداڵیان ، بە پێچەوانەوە ئەوەی کە ئەوترێت کەرکووک لەسەربەرمیلی ئاگرە و مەترسی شەڕی ناوخۆی خوێناوی لە ئارادایە، هێندەی تر مەردوم لە داهاتوو نائومێد ئەکا ، و کەس نازانێت ڕاستی لە کوێیە . لە لایەکی تریشەوە ئەو وتارە دڵخۆشکەر و بریقەدارانەی کە جار نا جارێک بە تایبەت پێش هەموو هەڵبژاردنێکی حیزبی و حکوومی لە شوێنیکەوە یان لە چاوپێکەوتنی بەرپرسێکدا دەستمان دەکەون تەنها لێکدانەوە و هەستلیدانە و، بەڵینی دڵخۆشکەرن یان با بڵێین چەواشەکارانەن ، کە لەوە ناچێت لەسەر بنەمای سیاسەتێکی پلان بۆ داڕێژراو بۆ ئایندەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی نەخشەی هەرێمی کوردستانەوە بکرێن . لەوانەشە هاوڕێیان لەبەر سەرقاڵیان بە کورسی و مەقام و دەستکەوتەکانەوە چارەنووسی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی تریان دابێتە دەست قەدەرەوە و بزانن ڕووداوەکان و

ڕۆژگار بەرەو کوێیان دەبات ، بەڵکو ئەمە خوایە حکومەتی عێراق پاش وەرگرتنی کارتی سەوز لە ئەمریکاوە دڵی نەرم بێت و ماددەی 140 جێبەجێ بکات ، ئەو کاتە خوا گەورەیە و ئینشاڵلا لە سەرژمێریدا ژمارەی کوردان زۆرتر دەبێت ولە ڕیفراندۆمدا براوە دەبین . ئەی ئەگەر وا نەبوو چی ؟؟!!! ئایا بەرپرسان بیریان لەوە نەکرووەتەوە کە ئەوان لەبەردەم بەرپرسیارییەکی مێژووییدان و داهاتووی وڵاتیک لەسەر بنەمای ئیشەڵلا و هیوادارین بنیات نانرێت .

لە گەڕانەوەمدا بەوپەڕی بێئومێدیەوە چاو پڕ لە فرمێسک و دڵ پڕ لە حەسرەت ماڵئاواییم لە شاری ئەشقەکەم کرد. لە ڕەحیم ئاوا ماشێنێکی ڕازاوە بەرەو پیرم هات بووک و زاوایەکی تیدا بوو زاواکە شوفێر و بووکەکەش لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو .

کەرکووک / ستۆکهۆڵم

runakshwani@yahoo.com



